# لیستەی یەکگرتن

## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

سەرکردایەتی هاوبەش

پاسۆک - سۆسیالست

# کوردایەتی

سێ مەرج گرنگن بۆ ئەوەی حیزبێك ببێتە جێگەی باوەڕی جەماوەر
١- ئایدۆلۆجیەتی حیزبەکە تا چ ڕادەیەك لەخزمەتی نەتەوە دایە.
٢- بیروباوەڕی حیزبەکە تا چ ڕادەیەك لەکارکردن دا ڕەچاو دەکرێت.
٣- خاوێنی حیزبەکەو دڵسۆزیو خۆراگریو ل ۆ وەشاوەیی پاڵێوراوەکانی
لەنێوان ئەم خاڵانەی سەرەوەدا، خەڵکی ووریا دەتوانێت بڕیار بدات کەدەنگی خۆی بدات بەکێ، هەروەها دەتوانێت لەڕاست کۆیی هەر حیزبێك بکات..

پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان «پاسوك»و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان کەلەسەر بنەمای نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز یەکیان گرتووەو بڕوایان بەدیموکراسیو سەرەتاکانی مرۆڤایەتی هەیەو لەپێناوی ماڧ چارەنوسی نەتەوەی کورد دا خەبات دەکەن، کەلەدوا قۆناغ دا سەربەخۆی دەگرێتەوە.. ئەوا بێگومان کارو ئەم بەرنامەیەی خوارەوە کەخێرو خۆشی نەتەوەکانی تێدایە ئەخاتە بەردەمی جەماوەری کوردستان وەکاری بۆ ئەکات.

کتێبخانەی ژیر
جالاک محمد عبدالرحمان

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم - لەئاستی ناوخۆدا

### ١- لەڕووی سیاسیەوە.

★ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی تری کوردستان کەهێشتا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەغدا دا ماون بەکەرکوك وخانەقین وشنگارەوە بەهەر شێوەیەك کەبگونجێت.
★ ڕێکخستنی هێزی بەرگریی کوردستان بەیەکخستنی هێزی پێشمەرگەو دامەزراندنی سوپای کوردستان و هێزی پۆلیس و ئاسایش و نەهێشتنی دیاردەی چەکداریو فرە لەشکریو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی هێزی پێشمەرگە لەهەموو ڕوێکەوە.
★ یەکخستنی دەزگای ڕاگەیاندن و داراییو پەیوەندییەکانی دەرەوە.
★ دابین کردنی ماڧ کەمە نەتەوەییەکان لەکوردستاندا.
★ پارێزگای پێنجەم لەخانەقین، کەلار، کفریو ناوچەکانی دەوروبەر پێك بێت لەپاڵ دهۆك و هەولێرو کەرکوك و سلێمانیدا.
★ هاوکاریمان لەگەڵ معارضەی عێراقیدا لەسەر بنچینەی هەڵوێستیان ئەبێت لەبەرانبەر کێشە ڕەواکەمان و دیموکراسی بۆ عێراق.
★ نەتەوەی کورد لەکوردستاندا یەك نەتەوەیە ئەگەر چی پارچە پارچەش کراوە وە ماڧ چارەنوسی خۆی هەیە، وە ئێمە پشتگیری لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەکەین لەهەموو کوردستاندا لەپێناوی ڕزگاریو ئازادی دا.
★ دژی دیکتاتۆریەت و پاوان کاری سیاسیو فەرمان ڕەوایەتی تاکە حزب و ستەمکاری (ارهاب) دەوەستین.
★ باوەڕمان بەماڧ پەنا بەریەتی  سیاسی هەیە لەکوردستاندا.
★ ئارامیو ئاسایشی کوردستان مەبەستمانەو پێمان باشە کێشەکانمان لەڕێگای ئاشتیو ووتو وێژەوە چارەسەر بکرێت وە پەنا نەبەرێتە بەر شەڕو خوێن ڕشتن. سەبارەت بەڕژێمی ئێستاش کاتێك گفتوگۆ دەکرێت کەنیەتی باش نیشان بدات وە بەشێوەیەکی بنەڕەتی سیاسەتی خۆی بگۆڕێت لەکوردستاندا.

# دیموکراسی

# لیستەی یەکگرتن

## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

★ تێئەکۆشین بۆ زیان دانەوە (تعویض)ی گەلی کوردستان لەباتی ئەو زەرەرو زیانەی لەئەنجامی (٣١ ساڵ شەری رەگەزپەرستیو لەناو بردنی لێی کەوتووە.

★ پارتە کوردستانیەکان کەتێ دەکۆشن بۆ رزگاری کوردستان براو هاوخەباتمانن وە هەوڵ ئەدەین بۆ یەککرتن لەگەڵیان لەسەر بنچینەی بیروباوەرو ئامانجی هاوبەش.

★ پارێزگاری یەکێتی ریزەکانی گەل دەکەین کەخۆی دەنوێنێت لەبەرەی کوردستانیدا وە باوەرمان بەچارەسەرکردنی ئاشتیانەو دیموکراتیانە هەیە بۆ کێشەکانی ناو خومان بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هێز.

★ باوەری تەواومان هەیە بەمەسەلەی رەوای گەلی کوردمان وەوای دەبینین کەپێویستە واز لەبەرژەوەندی حیزبایەتی تەسك بهێنین لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیماندا (کوردایەتی) کەپێویست بەوە دەکات ئەو پارتانەی هاوئامانجن و هاوبیروباوەر بن بەیەك ئەمەش لەهەنگاوە گرنگەکان دەژمێردرێت بۆ زامن کردنی سەرکەوتنمان بەهیوای ئەوەین ئەم بانگەوازەمان لەلایەن پارتەکانی تری کوردستانی عیراق گوێی بیستنی لێ بگیرێت وە بەدەنگیەوە بێن.

★ هەر لەبەر رۆشنایی پێویستی یەکبونی نەتەوەو وازهێنان لەبەرژەوەندی تەنگەبەری حزبایەتی لستەکەمان هاوبەشە لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسانی بەرێزی بێلایەن و خاوەن تواناو دڵسۆز.

کتێبخانەی ژیر
حالاک محمد عبدالرحمان

### ٢ـ لەرووی ئابوریەوە.

★ دانانی چارەسەرێکی خێرا بۆ تەنگ وچەڵەمەی ئابووری کوردستان بەپەنابردنە نێو قەرزی نێو دەوڵەتیو تەرخان کردنی دەست کەوتەکانی گومرگ باج ورەسم و یارمەتیە مروڤ خوازیەکان بۆ هێنانی خواردەمەنیو کەل وپەل و دابەش کردنی بەسەر هەژاران دا بەخۆراییو فرۆشتنی بەهۆی وەکیلەکانەوە بەنرخێکی داشکاو بۆ هاو وولاتیانی تر لەگەڵ زیادکردنی موچەی فەرمان بەروو کرێکارو و مامۆستاو خانەنشین دا.

★ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و زیاندانەوەو گێرانەوەی ئاوارەکان و ماڵ وێران کراوەکان بەکوردە فەیلیەکانیشەوە بۆ جێگاکانی خۆیان ویارمەتی کەس وکاری شەهیدان.

★ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزار لەکوردستاندا. بەپێی بەرژەوەندی جوتیارو رەچاوکردنی بژاردنەوە (تعویض) بۆ خاوەن زەوییەکان بەپێی یاسایەکە کەبۆ ئەم مەبەستە دائەنرێت.

★ پەرەپێدانی پرۆژەی پیشەسازیو کشت وکاڵ و گەشت وگوزاری رێگاوبان لەکوردستاندا.

★ گرنگی دان بەدادی کۆمەڵایەتیو نەهێشتنی برسێتیو بێکاری.

★ بەرگری کردن لەماف کرێکارو دابین کردنی ئاستێکی بەرز بۆ ژیانیان.

★ دامەزراندنی بانکێکی ناوەندی لەکوردستاندا کەهەموو دەسکەوتەکانی کوردستانی تێدا کۆببێتەوەو دوایی بەپێی یاسا دابەش بکرێتەوە بەشێوەیەك کەژیانەوەی ئابووری کوردستان و پێش خستنی دابین بکات.

### ٣ـ لەرووی یاساییو کۆمەڵایەتیەوە.

★ دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەریو زامن کردنی سەربەخۆیی بۆیو زامن کردنی سەروەری یاساو دانانی دەستور بۆ

هەواڵنامەی ژیر

# حوكمی یاسا

کوردستان و دارشتنەوەی یاساکان بەجۆرێك کەگونجاو بێت لەگەڵ دەستورو بارودۆخی کوردستان وسڕینەوە ئەو یاسایانەی دانراون لەدژی کورد

★ بایەخ دان بەزانایانی ئاینیو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گرنگی دان بەئەوقاف و قوتابخانە ئاینیەکان.

★ گرنگی دان بەکەس وکاری ئەنفالەکان وبەرزانیە بزربوەکان و شەهیدان و دابین کردنی خانووبەرە بۆیان لەگەڵ یارمەتی هەمیشەیی.

★ کارکردن بۆ هێنانەوەی کەسێتی (شخصیة)ی فەردی کوردو کۆمەڵگای کوردەواری کەرژێمی بەغدا شێواندویەتی.

★ گرنگی دان بەپەروەردەی منداڵ و لاو لەسەر ڕەوشت و نەریتی نەتەوایەتیو مرۆڤایەتیو بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش.

★ یەکسانی ئافرەت و پیاو ماوە دان بەئافرەت کەدەوری کاری گەری خۆی ببینێت لەکۆمەڵ دا لەسەر هەموو ئاستێك بەئەنجومەنی نیشتمانیشەوە.

★ گرنگی دان بەنەخۆشخانەکان و دابین کردنی پێویستیەکانیان دکتۆرو دەرمان بۆیان.

### ٤- لەڕووی ڕۆشنبیریەوە

★ گرنگی دان بەهونەرو وێژە.

★ بایەخ دان بەخوێنکاران و لاوان.. بەخۆرایی کردنی خوێندن و کردنەوەی بەشی ناوخۆ بۆ قوتابیان و گێڕانەوەی قوتابیە دابڕاوەکان بێگوێ دانە مەرجی تەمەن.

★ گرنگی دان بەقوتابخانەو پەیمانگاکان و زانکۆی سەلاحەدین و دامەزراندنی زانکۆ لەدهۆك و کەرکوك و سلێمانی.

★ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری.

کتێبخانەی ژیر
جالاك محمد عبدالرحمان

## دووەم - لەئاستی دەرەوەدا

★ نوێنەرانمان لەئەنجومەن ڕەوایەتی دەدا بەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی کوردستان کەخاوەن بڕیار بێت بۆ پەیوەندی کردن بەووڵاتانی دراوسێو جیهانەوە لەپێ ناوی زامن کردنی دان نان بەماف چارەنوسی نەتەوەی کورداو بۆ زامن کردنی پاڵ پشتی نێو دەوڵەتی بۆ کورد وەك خاوەن کێشەیەکی سیاسی.

★ داوا لەکۆمپانیاو دام ودەزگای جیهانیەکان دەکەین بۆ ئەوەی لەکوردستاندا پڕۆژەی بەرهەم هێنان وپەرەپێدان دامەزرێنن لەسەر بناغەی هاوبەرژەوەندی.

★ هەوڵ دەدەین بۆ دامەزراندنی بانقێکی کوردی لەدەرەوەی ووڵات بەبەشداری کردنێکی نێو دەوڵەتی تێیدا بۆ ئاوەدان کردنەوەو یارمەتی کوردستان و ڕێکخستنی کاروباری دارایمان لەگەڵ دەرەوەدا.

★ پەیوەندیمان لەگەڵ ووڵاتانی دراوسێ ووڵاتانی جیهاندا لەسەر بناغەی هاوبەرژەوەندیو ڕێزی بەرانبەرو هەڵوێستیان لەکێشەی کوردستاندا دەبێت.

★ ئازادی بۆ هەموو گەلێکی ژێر دەستە دەخوازین و دژی هەر جۆرە جیاوازی گەری ڕەگەزین.

ئومێدەوارین بەپشتیوانی خوای گەورەو جەماوەری گەلەکەمان ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکەین.

★ جەماوەر سەرچاوەی بون ودەسەڵاتە.

★ ئەنجومەن دەکەینە هەوێنی یەکبونی تەواوی کورد.

★ رزگاری و ئازادی وەدەست نایە ئەگەر دەسپێکردن لەخۆمانەوە نەبێت.

★ من دەنگ بۆ لیستەی یەکگرتن دەدەم چونکە مەرجە بۆ رزگاری.

★ کلیلی رِزگاری لای خۆمانە ئەگەر یەکبین.

★ کورد لەبەرە گرنگترەو بەرە لەحزب و حزب لەتاکەکس.

★ دەنگ بەنوێنەرانی یەکگرتن دەدەم چونکە دڵسۆزو بەهەڵوێست و خورِاگرو رِاستگۆن.

★ بەیەکگرتن بەیەکبوون لێمان هەڵدێ خۆری ڕوون.

★ هەڵبـژاردنـی لیسـتـەی یەکگـرتن زامنـە بۆ نەهێشتنی دووبەرەکیو خۆپەرستی.

★ یەگرتن، خۆڕاگرتن، تا سەرکەوتن.

★ ڕەنگی شین ئاسۆی ڕوونە / ئاسۆی ڕوون هی یەکبوونە.

★ ئارامی وبرایەتی مەرجن بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردن.

★ یەکگرتن ئاواتی شەهیدان بوو ... ئێمە هێنامانە دی.

★ هەڵبژاردن چارەنووسە. بۆ ڕەنگی شین بنوسە.

★ ★ ★